



گوڵستان تەحسین
گۆڵکاری خولی پلە یەکی فوتساڵی کوردستان

# پێویستە گرنگیی زیاتر بەتوانای یاریزانی کچان بدرێت



*** ئاستی یاری تۆپی فوتساڵ چۆن دەبینی کە ساڵانە یەك خولتان بۆ دەکرێتەوە؟**

- ساڵانە خولی تۆپی پێی فوتساڵی کچان لەکوردستاندا زۆر بەخراپی دەکرێتەوەو من وەك یاریزانێك هیچ لێی رازی نیم، بەهیوای ئەوەین کاری باشترمان بۆ بکەن.

*** ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی، یان کەمبوونی تا چەند دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- خۆی کەمیی ئەنجامدانی خول و پاڵەوانیەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە یاریزانان و یانەکانیش نەتوانن ئاستی راستەقینەی خۆیان پێشکەش بکەن و بەرەوپێش بچن، ئەوەش گرفتە بۆ تیپەکان و یاریزانان.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوە یاری تۆپی فوتساڵ بەرز ببێتەوە؟**

- گرنگی زیاتر بەتوانای یاریزانانی کورد بدرێت و بەردەوام خول و پاڵەوانیەتییان بۆ بکرێتەوە و پێویستە گرنگی زیاتر بە توانای کچە یاریزانانی کورد بدرێت تا ئێمەش شان بەشانی کوڕان یاری بکەین و بۆیان بسەلمێنین کە کچانیش توانای ئەوەیان هەیە یاری بکەن.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی پاڵەوانیەتی بەردەوام بۆ ئەوەی یاریزانان





**شاری هەولێر خاوەنی چەندین کچە یاریزانی فوتساڵە لەسەر ئاستی کوردستان کە دواڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانی ئەم یاریزانانە دەکات و یانەکانی دیکەش دەتوانن سوود لەتواناکانیان وەربگرن. گوڵستان تەحسین لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی هەولێرەو یەکێکە لەو کچە یاریزانانە کە نازناوی گۆڵکاری خولی پلە یەکی فوتساڵی کوردستانی بردەوە لەگەڵ یانەی زانکۆی جیهان، پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی ئافرەتانی هەولێرو قەلا یاری کردووە، ئەمساڵیش لە خولی پلە یەک یاری بۆ یانەی زانکۆی جیهان کردو نازناوی خولی پلە یەکەکانیشی لەگەڵ تیپەکەی بەدەستهێنا، جگە لەتیپەکانیش یاریزانی فوتساڵی هەڵبژاردەی هەولێر بووە لەسەرئاستی پەروەردە گشتییەکانی هەرێم بەشداری یارییەکانی فوتساڵی کردووە. ئێمە لەنزیکەوە چەند پرسیارێکمان لەسەر ژیانی وەرزشیی ئەو کچە یاریزانە ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرەو وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

بەردەوام سوودی لێ ببینن، جگە لەوەش نەبوونی توانای دارایی پێویست و گرفتی یاریگاو چەندین کیشەی تریش ئەوانە هەمووی گرفتن لەم یارییە.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشكەش كردووی؟**

-پیشووتر بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێرو قەڵای تورکمانی یاریم کردووە، دواتریش بۆ زانکۆی جیهان یاریم کردووە، ئێستاش یانەی زانکۆی جیهانم جێهێشتووە چونکە یانەی گازی باکوور گرنگی بەمن دەدەن و بەنیازم گرێبەستیان لەگەڵ بکەم .

*** بۆ داهاتوو بەنیازی چیت؟**

- هەموو هەوڵێکم داوە بۆ ئەوەی بگەمە ریزی هەڵبژاردەی عێراق وەکو کچە کوردێك خزمەت بکەم.

*** تاچەند لەگەڵ ئەوەی یانەكانی كوردستان پشت بەتواناكانی راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، لەگەڵ ئەوە نیم. چونکە ئەوان مافی یاریزانەکانی خۆمان دەخۆن، وەکو بینیمان لەخولی عێراق نەمتوانی بەشداری بکەم بەهۆی بوونی یاریزانی بیانی لە یانەکان .

*** لە خێزانەكەت بەتەنیا وەرزشوانی؟**

-تەنیا بەخۆم یاریزانم و حەزی وەرزشیم هەیە، بەڵام ئەوان زۆر هانم دەدەن و زۆر سوپاسیان دەکەم.

*** داواكاری و پێشنیاریت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- هیوادارم گرنگی بە وەرزشی کچان بدەن و خولی زۆریشمان بۆ بکەنەوە، بۆ ئەوەی یانەکانیش زیاتر بەرەوپێش بچن لە یارییە وەرزشییەکان.

*** چی دەڵێی بۆ ئەوەی هەڵبژاردەی كوردستان دابمەزرێ و تۆش یەكێك بیت لە یاریزانەكانی ئەم هەڵبژاردەیە؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەم هەڵبژاردەیە دابمەزرێ، ئەوە خەونی من و زۆربەی کچە یاریزانە کوردەکانە کە یاریزانی وڵاتەکەم بم و درێسی وڵاتەکەم بپۆشم.

*** خەونی وەرزشیت چییە ؟**

-بەهیوای ئەوەم ببم بە باشترین یاریزانی کوردستان و عێراق لەیاری فوتساڵ.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داواكراوی؟**

- بەڵێ لە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بانگهێشت کراوم.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە چیە؟**

- بەهیوای ئەوەم ساڵانە بتوانم نازناوی گۆڵکاری خولەکانی کوردستان و عێراق بۆ خۆم بەدەست بێنم.

*** بەكام یاریزانی جیهانی و ناوخۆ سەرسامیت؟**

- لەئاستی جیهان بەئاستی لیونێل میسی و لەئاستی کوردستانیش بە فەرحان شوکری یاریزانی یانەی هەولێر.

*** ئەگەر شتێكت ماوە لە كۆتاییدا بیڵێی؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوامن لەخزمەتکردنی بواری وەرزشی و بەسەرکردنەوەی یاریزانانی شارەکانی کوردستان، زۆر سوپاسی خانەوادەکەشم دەکەم کە ئەوان هۆکارن بۆ ئەوەی من لە وەرزشکردن بەردەوام بم.

دیمانە: کارزان کانەبی



# شەقڵاوە غەدری قبووڵ نەکرد

هەرچەندە بڕیار بوو تیپی باڵەی یانەی شەقڵاوە بەشداری لە پاڵەوانیەتی خولی نایابی یانەکانی باڵەی عێراقی بکات، بەڵام دواجار کارگێڕی یانەی شەقڵاوە بڕیاری پاشەکشەی دا لەخولەکە بەهۆی ئەوەی کەوا یانەکە لە گرووپی دووەمەوە گوازرایەوە بۆ گرووپی یەکەم، بۆیە وەکو هەڵوێست وەرگرتنیش تیپی شەقڵاوە بڕیاری بەشدارینەکردنی لەخولی باڵەی عێراقی دا، لەم بارەشەوە فەرهاد خەیات سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەقڵاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە سەرەتا بڕیار وا بوو بەشداربین لەخولەکە کە لە هەفتەی رابردوو بەڕێوەچوو، بەڵام بەبێ ئاگاداری ئێمە تیپەکەی ئێمەیان لە گرووپی دووەمەوە گواستەوە بۆ گرووپی یەکەم لە دوای کشانەوەی یانەی هەولێر لەگروپی یەکەم، ئێمەیان بردە شوێنی هەولێر، دەبوایە سەرجەم یارییەکانی خۆمان لە هەردوو شاری بەغداو بەسرا ئەنجام بدایە، ئەو بڕیارەش یەکێتیی ناوەندی تۆپی باڵەی عێراقی دابووی، ئێمە داوامان لەبەرپرسانی تۆپی باڵە کرد لە شوێنی خۆمان بمێنینەوە، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، بۆیە ئێمەش نووسراوی پاشەکشەمان پێشکەش کرد لە خولەکە، چونکە ئەگەر ئێمە هیچ یارییەك لە کوردستان ئەنجام نەدەین لەشاری خۆمان، کەوایە بۆچی بەشداری ئەم خولە بکەین، ئێمەش ئەوەمان بە غەدر زانی، بۆیە بەشدارنەبووین، ئەوانیش بیانوویان ئەوە بووە کە تیروپشکەکە وا بووە.» فەرهاد گوتیشی: «ئێمە بۆچی باجی کشانەوەی یانەی وەرزشیی هەولێر بدەین و لە گرووپی کوردستان بچینە گرووپی باشووری عێراق، ئەوەمان پێ قبوول نەکرا، بۆیە بەشدارینەکردنمان بە باشتر زانی.»



## سەیدسادق
## گرفتی دارایی هەیە

دوای ئەوەی کوڕانی یانەی سەید سادقی دەڤەری شارەزوور دواجار کۆتاییان بەو خەونە هێنا کە ١٥ ساڵە بۆی تێدەکۆشن و توانییان بە هەوڵ و ماندبووبوونی یاریزانان و دەستەی راهێنەران و هاندەرانیان خۆیان بگەینە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بەڵام یانەکە گرفتی دارایی هەیە، بۆیە داوای هاوکاری لەلایەنی پێوەندیدار دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە ئەنجامە باشەکانیان بدەن، لەم بارەشەوە نزار ئەسعەد راهێنەری یانەی سەید سادق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە گرفتی



# راهێنەری هەندرێن لەبەر درێژەدان بە خوێندن وازی هێنا

دوای ئەوەی تەها قادر سەرەتای ئەم وەرزە ئەرکی مەشقی یانەی هەندرێنی لەئەستۆ گرت، بەڵام دوای تەنیا شەش هەفتە لە بەڕێوەچوونی یارییەکانی قۆناخی یەکەمی خولەکە دەستی لەمەشقی یانەی هەندرێن کێشایەوە کە لەکۆی ئەنجامدانی شەش یاری توانی هەشت خاڵ بۆ یانەکە کۆبکاتەوەو لەپلەی دووەمی ریزبەندی یانەکان هات لەکۆمەڵەی دووەمی خولەکە، لەبارەی ئەگەری دەست لەکارکێشانەوەشی لە پۆستی راهێنەرایەتی یانەکە دکتۆر تەها قادر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من هیچ گرفتێکم نەبووە لەگەڵ هیچ کەسێك، نە لە ئیدارەی یانەکەو نە لەگەڵ یاریزانانی خۆمان، تەنیا بەهۆی درێژەدانیم بە خوێندنی دکتۆرا نەمتوانی درێژە بەکارەکەم بدەم، بۆیە وام پێ باشتربوو کەسێکی دیکە بێتە شوێنەکەی من و درێژە بە کاری راهێنەرایەتی بدات لەیانەی هەندرێن.» گوتیشی: «سوپاسی یەك بە یەکی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکە و سەرۆکی یانە و یاریزانە بەوەفاکان و دەستەی راهێنەران دەکەم کە ئەم ماوەیە بەیەکەوە کارمان کردو توانیمان قۆناخێکی باشیش ببڕین لە خولی کوردستان، بەڵام خوێندنەکەم ڕێگربوو لەبەردەوامبوون لەئەرکی راهێنەرایەتی یانەی هەندرێن، بەهیوای ئەوەشم یانەکە بگاتە قۆناخی چوارگۆشەی زێڕین و ببنە یەکێك لەیانە رکابەرەکان بۆ بەدەستهێنانی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان.



داراییمان هەیە کە ئەویش پێویستی بە ئاوەڕلێدانەوە هەیە لەلایەن بەرپرسانی شارەکەمان و خەڵکی دڵسۆز، چونکە ئێمە ئەمساڵ بە شێوی خۆبەخش یارییەکانمان ئەنجام داوە، جگە لەوەش یاریزانانی ئێمە مووچەیەکی زۆر رەمزییان پێدراوە، سەرەرای ئەوەش چەند مانگێکە مووچەکانیان وەرنەگرتووە، ئەوەش گرفتە بۆ ئێمە ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات و کەس هاوکاری تیپەکەمان نەکات، ئێمە وەکو ستافی راهێنەران ناتوانین بەشداری یارییەکانی وەرزی نوێ لە خولی پلە یەك بکەین، بۆیە هەرچی زووە پێویستیمان بە ئاوەڕلێدانەوە هەیە.»

## میختاریان:
## هێنری باشترین یاریزانی مێژووی خولی ئینگلیزیە




## ڕۆناڵدۆ بۆ جاری چوارەم خەڵاتی تۆپی زێڕینی بردەوە

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یانەی ریاڵ مەدریدو هەڵبژاردەی پورتوگال، بۆ جاری چوارەم لەمێژووی خۆیدا خەڵاتی بالۆن دۆری بەدەستهێنا.

پێش ئەوەی ڕۆناڵدۆ گەشت بکات بۆ ژاپۆن بۆ بەشداریکردن لەجامی جیهانی یانەکان، گۆڤاری فرانس فوتبۆل خەڵاتەکەی پێ بەخشیبوو.

دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە، دەنگی یاریزانەکانیش ئاشکرا کراو بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی، ژمارەی دەنگەکانی ڕۆناڵدۆ دوو هێندەی دەنگەکانی لیونێل مێسی رکابەری بووە.

ژمارەی دەنگەکانی ڕۆناڵدۆ ٧٤٥ دەنگ بووە، لە بەرامبەردا ئەستێرە ئەرژەنتینەکە ٣١٦ دەنگی بەدەستهێناوە.

گۆڤاری فرانس فوتبۆل ناوی ئەویاریزانانەی ئاشکراکرد، کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێنابوو هاوکات ئاماژەیان بەوەداوە، کە لەنێو ٣٠ پاڵێوراوەکە ١١ یار یزانیان هیچ دەنگێکیان بەدەست نەهێناوە.

لەنێو ئەو یاریزانانەی، کە تەنیا دەنگێکیشیان پێ نەدرابوو، هەردوو کاپتنەکەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە (سێرجیۆ رامۆس و ئینێستا ) هەبوون.

ریزبەندی باشترین یاریزانەکان بەپێی دەنگەکانیان:

١ - کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ٧٤٥ دەنگ
٢- لیۆنێل مێسی ٣١٦ دەنگ
٣- گریزمان ١٩٨ دەنگ
٤- لویس سوارێز ٩١ دەنگ

هێنریک میختاریانی ئەرمینی و ئەستێرەی یانەی مانچستەر یونایتەدی ئینگلیزی ئاشکرایکرد، کە تیری هێنری فەرەنسی و ئەستێرەی پێشووی یانەی ئارسیناڵ باشترین یاریزانە لەمێژووی خولی نایابی ئینگلیزی.
لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی میرۆری بەریتانی، میختاریان گوتی: کاتێك منداڵ بووم هاندەرێکی سەرسەختی هێنری بووم، بەڕای من ئەو باشترین یاریزانی مێژووی پریمەرلیگە.
وتیشی: هۆکاری خۆشەویستیم بۆ هێنری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یەکەمجار دەستم بە یاریی کرد هێرشبەر بووم، دواتر شوێنی یاریکردنم گۆڕی بۆ هێڵی ناوەند.
لەکۆتاییدا میختاریان لەسەر خولی نایابی ئینگلیزی گوتی: پریمەرلیگ زۆر لە خولەکانی ئیسپانیا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا جیاوازترە دەبێت ئاستێکی باش و جەستەیەکی باشت هەبێت تاکوو بتوانیت لە پێکهاتەی سەرەکیدا شوێنی خۆت بکەیتەوە.



**٥- نیمار ٦٨ دەنگ**
**٦- گاریس بێل ٦٠ دەنگ**
**٧- ریاز مەحرەز ٢٠ دەنگ**
**٨- جیمی ڤاردی ١١ دەنگ**
**٩- پیپی ٨ دەنگ**
**١٠- بۆفۆن ٨ دەنگ**

**ئەو یاریزانانەی هیچ دەنگێکیان بەدەست نەهێناوە: (ئەگوێرۆ، دیبالا، هیگواین، دی برۆین، رامۆس، ئینێستا، گۆدین، کوکی، لیۆریس، مۆلەر، نۆیەر).**
**کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی و ئەستێرەی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی لەدوای بەدەستهێنانی خەڵاتی بالۆن دۆر، دووپاتی کردەوە کە هەست دەکات بۆ یەکەم جارە ئەو خەڵاتەی بەدەستهێناوە.**
**دوای راگەیاندنی ئەنجامەکە، گۆڤاری فرانس فوتبوڵ ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە، کە رۆناڵدۆ پێش گەشتکردنی بۆ وڵاتی ژاپۆن بەمەبەستی بەشداریکردنی یانەی ریاڵ مەدرید لەجامی جیهانی یانەکان خەڵاتی بالۆن دۆری پێشکەش کراوە.**
**لەو ڤیدیۆیەدا رۆناڵدۆ بە رۆژنامەنووسەکان دەڵێت: ئەمە جاری چوارەمە ئەم خەڵاتە بەدەست دەهێنم، بەڵام هەست دەکەم یەکەم جارمە بەدەستم هێناوە، من زۆر دڵخۆشم چوار جاریش پێڵاوی زێرینم بەدەستهێناوە.**
**لەکۆتاییدا رۆناڵدۆ رایگەیاند، هەرگیز بڕوام نەدەکرد کە چوار جار تۆپی ئاڵتونی بەدەست بهێنم، ئەو خەونێکە بوو بەڕاستی، دەمەوێت سوپاسی هاوڕێکانم لە ریاڵ مەدرید و پورتوگال بکەم، من زۆر سەربەرز و دڵخۆشم.**